ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

## جەژنی رەمەزانی ٢٠٠٣ و دەستێوەردانی سیاسییەکان لە ئایندا

فاضل قەرەداغی

دیار نییە دوو جەژنی رەمەزان و قوربان (ساڵی ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥) چەند سیاسییەکان دەستیان تێ وەردابوو. جەژنی رەمەزانی پار جۆرێکی سەیری دەستێوەردانی بەخۆوە بینی، کەمترین شتیش لەبارەوە نووسراوە، بەش بەحاڵی خۆشم هیچم نەخوێندەوە ئەم باسەشم بۆ ئەمڕۆ هەڵگرتووە.

حکومەتەکان دەستنیشانکردنی یەکەم ڕۆژی رەمەزان و یەکەم ڕۆژی جەژن بەیەکێك لە نیشانەکانی ((سەروەری)) دەزانن! لەبەر ئەو ((سەروەریەش)) لەبەر ملنەدان بۆ حکومەتانی تری وڵاتە ئیسلامییەکان بڕیاریاندا پێکەوە رەمەزان و پێکەوە بیکەنە جەژن نەکەن (کە ڕای فیقهی هەیە دەڵێت دروستە بەپێی یەك شوێن بکرێت) چونکە پرسیاری دوای ئەو بڕیارە ئەوەیە چ وڵاتێك ببێتە شوێنی ئەم دیاریکردنە، دیارە هیچ وڵاتێك قبووڵ ناکات غەیری خۆی ببێتە ئەو وڵاتەو لێرەدا سەروەریی حکومەت و ڕژێمەکەیە خۆی دەسەپێنێت.

کوردستانی عیراقیش لەو کاتەوە بووە دوو پارچە رەمەزان و جەژنەکەی کەوتە دەستی دوو حکومەت کە هێندەی دوژمنی یەکتر بوون هێندە دوروبەریان بە دوژمن نەدەزانی لەبەرئەوەش دەبوایە ئەو پەڕی ((سەروەری)) نیشان بدرێت: هەر حکومەتەی بۆ خۆی یەکەم ڕۆژی رەمەزان و یەکەم ڕۆژی جەژن دەستنیشان دەکات تا ساڵ گەشتە ٢٠٠٣ کە لە سلێمانییدا بووە ئەوپەڕی مەهزەلە کاتێك بۆ یەکەم جار مانگی ڕەمەزان بووە ٢٨ ڕۆژ.

فەرموودەیەکی ڕوون و ئاشکرا هەیە کە مانگ ٢٩ ڕۆژە یان ٣٠ ڕۆژە تەنانەت پێغەمبەر بە پەنجەکانی دەستی ئەم دوو ژمارەیەی دەستنیشان کرد. مانگ ٢٩ ڕۆژە بەڵام ئەگەر هیلالی مانگی دوای ئەو لەبەر هەور یان لەبەر هەر هۆیەکی تر نەبینرا ئەو مانگە دەبێتە ٣٠ ڕۆژ.

لەڕەمەزانی ساڵی ٢٠٠٣ ی سلێمانی تاڵەبانی تەنها ئەندامێکی ئەنجوومەنی حوکمی عیراقی بوو و هێشتا مابوو نۆرەکەی بێت و ببێتە سەرۆکی ئەنجوومەن بۆ یەك مانگ. لە سلێمانی ڕۆژێك دیاریکرا وەك یەکەم ڕۆژی مانگی ڕەمەزان بەڵام کە مانگی هات و چەند ڕۆژێکی لێ ڕۆشت نۆرەی تاڵەبانی هات بۆ سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنەکەو لەکۆتایی رەمەزان ئەو هێشتا سەرۆك بوو. کاتێکیش عیراق بڕیاری لەسەر یەکەم ڕۆژی جەژن دا ڕەمەزانی ئەوان ٢٩ ڕۆژ بوو بەلام سلێمانی هێشتا ٢٨ ڕۆژ بوو بەڵام ئا لێرەدا سیاسەت گرنگترەو سیاسییەکان دەستیان وەردایە ئایین و بڕیار درا سلێمانی لەگەڵ عیراقدا بیکاتە جەژن ئەگەر چیش ڕەمەزان ٢٨ ڕۆژە ئەویش تەنها لەبەر ئەوەی تاڵەبانی سەرۆکی یەك مانگەی ئەنجوومەنەکەی عیراق بوو. کاریش گەیشتە هەڕەشە کردن لەو مەلایانەی دەڵێن ئەم ئیشە درووست نییە.

بەم جۆرە ڕەمەزان و جەژنەکەی بووە مەهزەلە و بۆ یەکەم جار ئەو حاڵەتە ڕووی دا کە خەڵکی ناوچەیەك بەپێی بینینی خۆیان بیکەنە ڕەمەزان بەڵام بەپێی بینینی ناوچەی تر بیکەن جەژن و بۆ یەکەم جار ڕەمەزان بووە ٢٨ ڕۆژ.

بڕیارەکەش شەو دراو خەڵك کەوتە هەلەکەو سەما و بەپەلە ڕوویان کردە بازاڕەکان بۆ کڕینی ئەو پێداویستیانەی مابوو بیکڕن و بۆ وەرگرتنەوەی جلەکانیان لە بەرگدرووەکان و بۆ ڕۆژی دوایی کە گوایە ڕۆژی یەکەمی جەژن بوو باس باسی ئەو ئیشە بوو و زۆربەی زۆری خەڵك بۆڵەیان دەکرد یان قسەیان بەو حکومەتە دەووت و دوعای سەرلێشێوانیان

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

دەکرد لەوانەی سەریان لێ شێواندن. لەناو ئەو کەسانەش تەنانەت کەسانی یەکێتی هەبوون بەڵام دیارە کەسانی تریش هەبوون یان پاساویان دەهێنایەوە یان بەلای کەمەوە نقەیان لە خۆیان بڕیبوو، بەڵام بۆ خۆم لەکەسم نەبیست ئەو قسەیە بڵێت کە جەوهەری مەسەلەکەیە: عەلمانییەکان خۆیان وەکو دڵسۆزی ئایین پیشان دەدەن گوایە نابێت تێکەڵی سیاسەت بێ بەڵام جار نییە ئەو عەلمانییانە بە تایبەت حزبی دەسەڵاتدار ئایین بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکار نەهێنێ.

ئەمەش تاکە نموونەیەك لە سەدان لەسەر ئەوەی عەلمانیەت هەر کاتێك پێویستی بە ئاین بێت نەك هەر دەستی تێ وەردەدات بەڵکو دەستیش دەخاتە ناو ریخۆڵەی و دەیکات مەسخەرەت. بەڕاستی ئاین لەسایەی عەلمانیەتدا لەناو دەستێکی نائەمیندایە.

ZAGROS WEBSITE